www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:36 30-1-2007

## نەوەی ئەمرۆ دەبێت خۆی ئازێری خۆی بێت ... ئەرسەلان مەحمود



لێرە. . مەرگ و غەریزەکانی ژیان، بەپێوەروچوارچێوەی کولتوری کۆمەلایەتی ئەژمار یان جێگرو ئاراستە دەکرێن ولەگەڵ نەشونماو هەر گەشەکردنێکی ژیاریشدا چەپاندن (خەفە کردن) و دوور کەوتنەوە لە مرۆڤ بوون، ئەوەندەی ترو هاوتەریب، لەجێگای باڵاکردن وکرانەوەی زەینی دا هەڵدەکشێن وئارەزوەکانی شەرانگێزی و دووره پەرێزی وسڕینەوەی یەکتری تا دێت کاریگەرترو فراوانتر دەبن. لەهەر شوێن ویاداشتێکیشدا دەردەشەی ئەو داخ ودۆخەبکەیت، جگەلەوەڵامی دان بەخۆتا بگرە، چیترت بۆ لەخەم نارەخسێ، روون نیە چۆن وکەی دەتوانی هێزو غەریزەو خواستەکانت وەکو مرۆیەك رازی بکەیت. پەی بردن بە ماوەو نێوانە لێکدوورەکانی ژیاری وتەنگەژە ئاڵۆزەکانی پێکهاتەی بوونی مرۆو زانینی نهێنیە لێکترازاوەکان وتێکشکاندنی سنورە سورەکانی کولتور لەسەر نەخشەی دڵە خەسیوەکانی دوێنێ وترپە تەزیوەکانی ئەمڕۆ لە تەمای نوێنەرەکانی ئاین ورۆشنبیرە لۆکاڵ ودەسەڵاتخوازەکان وئەهلی تەقلید شکۆفە ناکات و وەك هەورە درۆزنە هە لە موکەبەرەکۆنەکانی دوێنێ و لەسەیری رۆژنامەو روانینی سەکۆکانی دەسەڵاتەوە درۆ باران دەکرێی وئەگەر داواکردنی دروست کردنی بەهەشتێك لەسەر زەوی بە کارەسات بچوێنن، رێگاش نادەن خەون بە ژیان لەو خاکەدا ببینی کە خۆی بەهەشتی سەر زەویە. . گەشەپێدانی هونەری بوون تا ئێستاش بە دابڕان لە واقیع ئەژمار دەکرێت، لە کاتێکدا تێگەیشتن لەو حەقیقەتە ئاوێزان بونە بە ئازادی، ئەو ئازادیەی رێگە دەدات مرۆ بەرەو مرۆڤ دۆستی ویستی ومرۆڤ بوون بەرێت.
بێ دەنگ بوون لە چڕ کردنەوەی هەوڵ وهەنگاوەکان بەو ئاراستەیەدا، خەوشێکی گەورەو درۆزنی وهەڵاتنیشە لە ویست، دەبێ نەوەی ئەمڕۆ ژیرانە خۆی ئاژێری خۆی بێت ولەو رێگایەوە جگە لە خولْقاندنی گۆڕان چیەکی لێ جوێ نابێتەوە. لاوان دەبێت خۆیان رەخنە گرو هاندەری خۆیان بن، ببنە پەند بۆ نەوەکانی تر. . گۆڕین وگۆڕانکاری ئەگەر بریارە بکرێن چاوەڕێ ناکرێن وجگەلە خۆت ئاریچەکەی لای کەسی تر نیە، بەو مانایەی باکگراوندە کولتوری وکۆمەڵایەتیەکان دەبێ سەرگەرمی گۆڕینی خۆیانمان بکەن، ئەمەش لەپەروەردەو پێ هەڵگری تاکەکەسەوە دەست پێ دەکەن وئامانج دەگرن.
*********************************************************

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.